عیمران خان سەرۆک وەزیرانی پێشووی پاکستان دەستگیرکرا و خێپیشاندان لە وڵاتەکە سەری هەڵدا

پۆلیسی پاکستان ڕۆژی چوارشەممە ڕایگەیاند نزیکەی هەزار کەس لە پەنجاب دەستگیرکراون، کە گەورەترین ویلایەتی پاکستانە لەڕووی دانیشتووانەوە، بەهۆی ئەوەی کە خێپیشاندانیان کرد بە ئازادکردنی سەرۆک وەزیرانی پێشووی وڵاتەکە "عیمران خان".

کاربەدەستان لە ڕاگەیەندراوەکدا بە میدیاکان ڕایانگەیاند، "تیمەکانی پۆلیس 945 یاساشکێنەر و ئاژاوەگێڕیان لە سەرانسەری ویلایەتەکەوە دەستگیرکردووە"، هاتووەش، "130 ئەفسەر و بەرپرس بریندارببوون لەو توندوتیژییانەی دوای دەستگیرکردنی عیمران خان لە ڕۆژی سێشەممەدا ڕوویدا".

ئاژانسی فرانس پریس دەڵێت، عیمران خان ڕۆژی سێشەممە دەستگیرکرا کاتێک لەبەردەم دادگایەکی ئیسلام ئاباد ئامادە بوو لە یەکێک لەو کێسانەی کە "تەمەتبار" کرابوو.

پۆلیسی ئیسلام ئاباد لە تویتەر ئاماژەی بە کێسی گێندەڵی کرد کە بووە هۆی دەستگیرکردنی سەرۆک وەزیرانی پێشووی وڵاتەکە.